# حکومەتی هەرێم بڕیارێکی لەبەرژەوەندی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان دەرکرد



حکومەتی هەرێمی کورستان ، بڕیاری لێخۆشبوون بە پێشینەی هاوسەرگیری بۆ سودمەندانی خاوەن پێداوسیتی تایبەت دەرکرد.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیارێکی داوە، ئەو وەزارەتە لە راگەیەندراوێکدا دەڵێت، بڕیاردراوە بە لێخۆشبوون لە پێشینەی هاوسەرگیری ماوە بۆ سوودمەندانی کەمئەندامان کە پێش ساڵی 2013 پێشینەی هاوسەرگیریان وەرگرتووە.

بە گوێرەی بڕیارەکە، وەزارەتەکانی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و دارایی و ئابوری رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەردەکەن و بڕیارەکە جێبەجێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.